# سەرۆك کۆمار: لە هەلومەرجێکی مێژوویيداين، کە پێویستە وەک هێزە سياسييەکان زياتر کاربکەين بۆ بەرژەوەندی باڵای وڵات و گەل بکەين بە کاری لە پێشينە



سەرۆك کۆمار د.لەتيف جەمال رەشيد ئەمڕۆ هەينی 3-5-2024 ئامادەی مەراسيمی ساڵيادی بزوتنەوەی عەسائيب ئەهل حەق بوو، کە لە بەغداد بەڕێوەچو.

لە ميانی ساڵيادەکەدا، سەرۆك کۆمار وتەيەکی پێشکێشکرد و دوپاتيکردەوە ڕۆڵی بزوتنەوەی عەسائيب ئەهلی حەق لە چوارچێوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی چالاکانە و بوێرانە بوو، کە لە دوای فەتوای مەرجەعی باڵا سەماحەتی ئايەتوڵاڵای عوزما سيستانی، بە هێز و ئيرادەوە شانبەشانی هێزە چەکدارەکانمان وەستا بۆ پێکهاتە جياوازەکانيەوە و لەگەڵ هێزەکانی دیکەی گەل لەپێناو شکستپێهێنانی تيرۆر و ڕزگارکردنی شارەکان و گەڕاندنەوەی شکۆمەندیی نيشتمانی.

هەروەها جەختيکردەوە، لە هەلومەرجێکی مێژوویيداين، کە پێویستە وەک هێزە سياسييەکان زياتر کاربکەين بۆ بەرژەوەندی باڵای وڵات و گەل بکەين بە کاری لە پێشينە. لەم چوارچێوەيەشدا گرنگی ڕەزگرتن لە دەستور و پابەندبوون بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی دوپاتدەکەينەوە، چونکە ڕێگایە بۆ کاری دامەزراوەيی دروست، هەروەها ڕەزگرتن لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی پڕگەکان بۆ مەبەستی تايبەتی یاخود گروپ و هەروەها بڕینگاربوونەوەی گەندەڵی بە هەموو شێوازەکانی دوپاتدەکەينەوە بۆ ئۆزمونی دیموکراسيمان بچەسپێنين.

ئەمش دەقی وتەکەی بەڕێز سەرۆك کۆمار؛

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

خوشکان و برایانی، ئامادەبوانی بەڕێز
سەاوی خوای گەورەتان لێبێت

جێگای خۆشحاڵیمە، کە بەشدارم لەم مەراسیمە پێ شکێنی لەکاتەکدا یادی 21ەمین ساڵیادی دامەزراندنی بزوتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق دەکەنەوە.
لەماوەی ئەو ساڵانەدا، ڕێی بزوتنەوەکە لە چوارچێوەی مەژووی هاوچەرخی عێراقدا، شانبەشانی ڕێی جوانەوە و هێزە نیشتمانییەکانی دیکە، ئاشکرا و گرنگ بووە لەپێناو بنیاتنانی عێراقی نوێ و چەسپاندنی بناغەکانی ئەم بنیاتنانە لە بەرامبەر ئەو ئاڵنگاریانەی، کە گەورە و توندبون.
وەك دەزانن دیارترین ئاڵنگاری لە نێو ئەو ئاڵنگاریانە، قەناغی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆری داعش بووە، لە دوای ئەوەی ژمارەیەك لە شارە خۆشویستەکانمان کەوتنە چنگی تاوانبارانی داعش.
لەم ڕوبەڕوبونەوەیەدا، ڕێی بزوتنەوەی عەسائیب ئەهلی حەق لە چوارچێوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی چالاکانە و بوێرانە بوو، کە لە دوای فەتوای مەرجەعی باڵا سەماحەتی ئایەتوڵاڵی عوزما سەید عەلی سیستانی، بە هێز و ئیرادەوە شانبەشانی هێزە چەکدارەکانمان وەستا بۆ پێکهاتە جیاوازەکانییەوە و لەگەڵ هێزەکانی دیکەی گەل لەپێناو شکستپێهێنانی تیرۆر و ڕزگارکردنی شارەکان و گەڵانەوەی شکۆمەندیی نیشتمانی.
لەڕاستیدا ئەم مەراسیمە لە هەلومەرجێکی تەواو نوێدا بەڕێوەدەچێت، ئەمە ئەو ساڵانەمان تێپەڕاندووە و تیرۆر لەناوچوە، ئیرادەی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتی لە سایەی خەباگریی هێزەکانمان و ویستی گەلەکەماندا، سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.
بەهەی ئەم پاڕاوانتییە نیشتمانیانەوە، ئەمڕۆ هەموومان لە سەرتاکانی قەناغێکی نوێداین، کە قەناغی بونیادنانی عێراق، قەناغی قەرەبوکردنەوەی ئەو دێیان ساڵییە، کە تێیدا جوڵەی بونیادنان پێکی کەوت و ئەو پێشکەوتنەی دوای 2003 هیوامان بە دەخواست، وەستا.
لەم بونیادنانەدا، کە لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە دەستپێکردوە و ئیرادەی حکومەت بە تامەزرۆییەوە سەرکردایەتی دەکات، سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی ئەوەی ڕێگەکانمان دێیانەوێت، تاکە ویستێکە گوزارشت لە دڵسۆزی و پێزانینمان دەکات بۆ ئەو قوربانییە گەورەیەی گەلەکەمان داویەتی.
ئەمە لە هەلومەرجێکی مەژووییداین، کە پێویستە ئەمە وەك هێزە سیاسییەکان زیاتر کاربکەین بۆئەوەی بەرژەوەندی باڵای وڵات و گەل بکەینە بە کاری لە پێشینە. لەم چوارچێوەیەشدا گرنگی ڕزگرتن لە

دەستور و پابەندبوون بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی دوپاتدەکەینەوە، چونکە ڕێگایە بۆ کاری دامەزراوەیی دروست، هەروەها ڕزگرتن لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و ڕێگریکردن لە بکارهێنانی پڕگەکان بە مەبەستی تایبەتی یاخود گروپ و هەروەها بڕینگاربوونەوەی گەندەڵی بە هەموو شێوازەکانی دوپاتدەکەینەوە بۆئەوەی ئەزمونی دیموکراسیمان بچەسپێنین.

هێزی هەموومان لە یەکگرتوویی ماندایە، پێکەوە هەنگاودەنین بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و کارکردنی چالاکانە بۆ خزمەتکردن بە بڕژەوەندییەکانی گەلەکەمان و دەستبەرکردنی بژێویی شایستە بۆیان. هەروەها پێویستە هەموومان پاڵپشتی ئەو ڕوەشوێن و پلانانە بین، کە حکومەت بۆ بڕەوپێشبردنی دۆخی خزمەتگوزاری گرتوبەتیبەر و بڕپرسیارانە لە پڕۆژەکانی داهاتو و بڕنامەکانی گەشەپەدانی ئابووری و کشتوکاڵی و پیشەسازی بوانین.

ئەمە لە قۆناغێکی گرنگدایین، ڕێی وەاتەکەمان لەسەرئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بڕەو پتەوبون دەچێت، ئەمەش ئەوەیە، کە ئەمە وەك دەستاتەکان و هێزە سیاسییەکان، گرنگی ئەم هەلومەرجە مێژووییە بزرزبنرخێنین و هەوڵەکانمان پڕڕێبەدەین بۆئەوەی وەاتەکەمان لەو پگەیەدا بێت، کە شایستەیەتی لە پێیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیدا لەسەر بنەمای ڕێچاوکردنی بڕژەوەندی هاوبەش و ڕزگرتن لە سەروەری و سەربەخێیی.

ناوچەکەمان پێشهاتی مەترسیدار بەخۆوەدەبینێت، کە مەترسی لەسەر ئاشتی ناوچەکە و جیهان دروستدەکات. لە هەناوی ئەم پێشهاتانەدا ئەو ئازارە گەورەیە هەستپەدەکەین کە براکانمان و گەلی فەلەستین ڕووبەڕووی تاوانەکانی داگیرکاری دەبنەوە. ئەمانە پێشهاتگەلێکن، کە دەکرێت هەڕەشە لە ئارامی ناوچەکە و جیهان بکەن.

هەوڵستی پتەوی عێراق دوپاتدەکەینەوە، کە پێمانوایە هیچ چارەسەر و ئاسایش و سەقامگیرییەکی بەردەوام لە ناوچەکەدا نییە بێبە ڕێچاوکردنی ئازاری فەلەستینییەکان و بێبە کاری ڕاستەقینە و جددی لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە بۆ دەستبەرکردنی مافی گەلی فەلەستین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازاد لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیان، پێمانوایە جیهان لێم بارودۆخەدا